# پیاوچاکان یەک لە دوای دەڕۆن، هەتاوەکو پاشماوەیەک (لە خەڵکی) وەکو خڵتەی جۆ یان خورما دەمێنێتەوە؛ کە خوای گەورە ڕێز وپلەیان بەرز ناکاتەوە

لە میرداسی ئەسلەمیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوچاکان یەک لە دوای دەڕۆن، هەتاوەکو پاشماوەیەک (لە خەڵکی خراپ) وەکو پاشماوەی جۆ یان خورما دەمێنێتەوە؛ کە خوای گەورە ڕێز وپلەیان بەرز ناکاتەوە (هیچ نرخ وپلەیەکیان نییە لە لای خوای گەورە)».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە لە ڕۆژانی کۆتایی ئەم دونیایەدا خوای گەورە ڕۆحی پیاو چاکان یەک لە دوای یەک دەکێشێت، وخەڵکانێک دەمێننەوە کە شایستەی ئەوە نین کە گرنگیان پێبدرێت، بۆیە خوای گەورە پلەوپایەیان بەرز ناکاتەوە وڕێزیان لێناگرێت ونرخیان بۆ دانانێت وبەزەیی وڕەحمی پێیاندا نایەتەوە، وئەوانە خراپترین بوونەوەرن لە لای خوای گەورە و لەسەر ئەوان قیامەت بەرپا دەبێـت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3121

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee